# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیڕەدن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراوێزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چین و چۆن جێبەجێان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەرو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی : rebwarreza1983@yahoo.com**

.............................................................................................

" 9 "

## لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا

## شەڕی خزمەتگوزاری یا شەڕی نەوەکان

**ئەکرەم عەنەبی**



لە زەمەنی شەڕی نێوان گەنج و دەسەڵاتەکاندا هەمیشە حیکایەتێکی خەڵەتێنەرانە دروست دەکرێت و بەردەوام بە گوێماندا دەدرێتەوە و تا ئاستی تەڵقینکردن، تەڵقینمان دەدەن، ئەویش حیکایەتی نەبوونی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانە و ئەو ڕاپەڕینە مەزنەی گەنجان لەم شتە بچووکانەدا قەتیس دەکەنەوە، من نازانم کێ ئەم حیکایەتە هەڵدەبەستێ بەڵام خەتەرەکەی دەبینم و زۆر خێراش بڵاودەکرێتەوە. بەراستی هەڵەیەکی زۆر میتۆدی گەورەیە کە لە ئاست ئەم ڕاپەڕینەی گەنجاندا حیکایەتێکی لەمجۆرە هەڵبەستی و وا بەم پەلەییە بڵاوی بکەیتەوە، دروستکردنی ئەم حیکایەتە کۆمیدیە گەر لە لایەن خودی گەنجانەوە بێت، لە گێلێتییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت و جگە لە خۆبچووککردنەوە و گەنج کوشتن بەرهەمی دیکەی لێ نەچنرێتەوە، گەر لە لایەن دەسەڵات و پیاوەکانی دەسەڵاتیشەوە بێت حیلە و مەکرێکی دیکەی قووڵی ئەوانە بۆ کوشتنی گەنجان و نەهێشتنی ئاواتە گەورەکانیان و ڕوپۆشکردنی ئامانج و هۆکارە جەوهەرییەکانی نارەزایی گەنجانە.

گەنج–وەك هەندێ جاری دیکەش باسمکردووە–کائینێکی نارازییە بە بارودۆخی باو، ئەو کائینەیە کە دڵی بەم بارە نەداوە و ترسی لەدەستدانی ئێستای نیە، ئەو نە بە زەبروزەنگەکان دەترسێنرێت و نە بە هەڕەشە و زیندانییەکانیش دەست دەکێشێتەوە لەو کارەی کە دەیەوێت بیکات و لەو ئاوات و خواستەی کە بە هیوایە

بەدەستی بهێنیٚ. گەنج نە بە تەمەن جیا دەکرێتەوە و نە بە سەروسمێڵی ڕەش و سوور، هیچ کام لەمانە نابنە پێناسە و سیما بۆ گەنج و لە نەوەکانی تری جوداناکەنەوە، بە بڕوای من ئەو چاونەترسی و ڕازینەبوونە گەنجایەتی بە مرۆڤ دەبەخشێت و هەر ئەویش پاڵنەریەتی بۆ ناڕازیبوون و تەنانەت ئیلهامبەخشی و سەرشێتی و توندوتیژییەکانیشیەتی، بۆیە گەڕان بۆ گەنجی هێمن یاخود دیسپلینکردنی گەنج بە هێمنی کوشتنی ئەوانە.

گەنج کاتیٚ ڕادەپەڕێت نە لە برساندا شێت بووە و نە لە سەرماندا هەڵدەلەرزیٚ و نە خەمی نان و ئاو و...هتد، بەڵکو پاڵنەرێکی دیکەی گەلیٚ جەوهەری هەیە کە گەنجایەتی خۆیەتی و پاڵنەری دەرەکی سادە نابێتە مایەی ئەم ناڕەزاییە قووڵ و جەوهەرییەی گەنجان، هەرچەندە دەسەڵاتدارەکان بە گێرەشێوێنی ناوی دەبەن و بەردەوام لە هەوڵی سووککردن و بچووککردنەوەیدان...

ڕەنگە گەر ئەم گوتەیە لەم دەقە دابڕی، مانای دژی لێوەربگیرێت کە پێچەوانەوەی ڕای دیکەی من بێت، بەڵام لە جەوهەردا ماناکان هیچ دژایەتیەکیان نییە، تۆ کاتیٚ لە بەرامبەر تۆمەتی(گێرەشێوێنی و دەستی دەرەوە و دەستی خیانەت)ی دەسەڵات بۆ گەنجاندا بڵێی گەنج لە برساندا هار بووە و لە سەرما و گەرمادا دەیری بووە، مانایەکی دیکەی هەیە و ڕەتدانەوەی تۆمەتەکانی دەسەڵاتە، هەر بۆیە کاتیٚ لێرەدا باس لە جەوهەری مەسەلەکە ناکرێت باسێکی دیکەیە، بەڵام لەم وتارەدا باس لە خودی جەوهەری مەسەلەکە دەکرێت، بۆیە پێویستە بە جۆرێکی دیکە قسەی لێوە بکرێت و ورد و زانستیانەتر یاخود دروستتر تیۆریتر و لە ڕوانگەی تیۆری ترەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دیسان دووبارەی دەکەمەوە برسیبوون و گەرما و سەرمابوون، پاڵنەری جەوهەری ڕاپەرینی گەنجان دژی دەسەڵات نین، ئەویش بەم بەڵگە سادەیەوە، چونکە پیرەکان زیاتر برسی دەبن و گەرما و سەرما کاریان لێدەکات و جەستەی کەنەفتیان دەخاتە بەردەم مەترسی جۆراوجۆرەوە، بەمەش دەبیٚ ئەوان تووڕەتر بن و زیاتر ناڕەزایی دەربڕن و بڕژێنە سەر شەقام، بەڵام کوا ئەو پیرانەی ناڕەزایی دەردەبڕن و ڕەخنە دەگرن و ڕاپەڕین ساز دەکەن، کوا ئەو پیرانەی ڕۆژانە شەقامەکان پڕ دەکەن لە قسەی ناڕەزایی و گلەییەکانیان بە دەسەڵات دەگەیەنن؟؟

ناکریٚ ئەم حیکایەتە پیرانەیە بۆ خۆمان هەڵبەستین، بەڵکو دەبیٚ جۆرێکی تر لەم مەسەلەیە بڕوانین و(سوهراب)گوتەنی" دەبیٚ چاوەکانمان بشۆین" بەڕاستی ئێمە دەبیٚ چاوەکانمان لە خەوی حیکایەتەکانی دەسەڵات بشۆین و لە ڕاپەڕینی گەنجان بڕوانین و بەدوی پاڵنەرە جەوهەرییەکانیدا بگەڕێین و گێلئاسا و خەرەفاوانە هەمان گوتەی ئەوان دووبارە نەکەینەوە و خۆمان نەدەینە دەست دەم قەدەری پیرانەی ئەوان. ئاخر دابینکردنی نەوت و کارەبا بۆ ئەوانی دەسەڵاتی پیر زۆر ئاسانترە تا ئەو ویستە گەنجانەی کە هێشتا خودی گەنجان بە دروستی نەیانناسیوە و ناتوانن بە ئاشکرا گوزارشتی لێبکەن، کە ئێمە لەو بڕوایەداین ڕاپەڕینی گەنجان بۆ خزمەتگوزاریی نییە، دەبیٚ لە دوی پاڵنەرێکی دیکە بگەڕێین، ئەو پاڵنەرە لای دەسەڵات دەستی دەرەوە و گێرەشێوێنانە کە بەدروستی بۆی چوون، لەوەدا بۆی چوون کە پاڵنەری ڕاپەڕینی گەنجان کەمی خزمەتگوزاریی نیە، بەڵام لە دەستنیشانکردنی پاڵنەری بنەڕەتی و بونیادیدا دووچاری هەڵەی بنچینەیی بوون.

دەسەڵات لەوەدا لە هەڵەدایە کە بە ئەقڵیەتی دەسەڵاتخوازی خۆیەوە و لە تەواوی جموجوڵەکان دەڕوانێت، لەبەرئەوەی خۆی بەردەوام لە فڕوفێڵدایە بۆ خەڵەتاندنی نەوەکانی دوای خۆی و شەڕی مانەوەی دەکات بەمەشەوە بەردەوام بە چاوی موئامەرەوە لە جموجوڵ و بزووتنەوە و ڕەوتە نەیارەکانی دەڕوانێت و تەنیا بە بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیانەی خۆیەوە دەیانخوێنێتەوە کە بیرکردنەوەیەکی فریودەرانەی دوژمن ناسانە نەبێت، تۆسقاڵیٚ دۆست ناسی و مەعریفەی ڕاستی تێدا نیە، ئایدیۆلۆژیا هەر لە مارکسەوە بە توندی خراوەتەبەر ڕەخنە، کەچی لای نەوەکانی پاش ئەو مامەڵەی پێدەکرێت و نەیارەکانی پیٚ لە مەحەك دەدرێت.

وەك گوتم پاڵنەری سەرەکی و بونیادی ڕاپەڕینی گەنجان زۆر لەوە قووڵترە کە دەسەڵات بە هەر بارێکدا بۆمان دەگێڕێتەوە و لە ڕێگەی پیاوەکانیشیەوە هەوڵی ناشیرینکردنی ئەو بنەمایانە و سووککردنیان دەدات.

من لەو بڕوایەدام ڕاپەڕینی گەنجان لە ناخەوە تەواوکەری شەڕی نەوە یەك لەدوای یەکەکانە، ئەو نەوانەی کە بەردەوام لە ململانێدان و بە زۆریش سەرکەوتن بۆ نەوەی نوێ دەبێت و دەرەنگ یا زوو نەوەی کۆن لە مەیدانی کێبڕکێدا پاشەکشە دەکات.

لەنێوان نەوەی کۆن و نوێشدا شتەکان هیچیان(سیاسەت، کلتوور، ئایین، کۆمەڵ، نەریت، بەهای ئەخلاقی، ...هتد) لە یەك ناچن، بێگومان لە دیاریکردنی نەوەکاندا سەختییەکی زۆر بەدی دەکرێت و سنووری نەوەکان بە ساڵ و تەمەن دیاری ناکرێت و ناکرێ بگوترێ هەر(50)ساڵ سەردەمی نەوەیەکە چونکە(سەردەمی نەوەکان)کولتوور و داب و نەریت و سیاسەت و ئایین و سیستەمی بەها و گۆڕانە جۆراوجۆرە کولتووری و سیاسی و ئایینی و...هتدەکان دیاری دەکات و بە گۆڕانی ئەم نەریتانە نەوەکان و سەردەمی نەوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. دەکرێ تەمەنی نەوەیەك چەندین سەدە بێت و کەچی تەمەنی نەوەیەکی دیکە لە چەند دەیەیەك تێپەڕ نەکات، چونکە هەرچەندە گۆڕانە یەك لەدوای یەکە کولتووری و نەریتی و...هتدەکان خێراتر بن، ئەوەندە تەمەنی نەوەکان کورتتر دەبن و چەندەش گۆڕانەکان هێواشتر بن، تەمەنی نەوەکان زیاتر دەبێت. (دی سۆسۆر)سەردەمی زمانەکان دیاری دەکات و پێیوایە زمانەکان سەردەمیان هەیە و ئەم سەردەمەش بە(سەردەمی زمانی)ناو دەبات، کە هەموو ئەو هاوشێوەییە لێکچوونانە دەگرێتەوە لە گەشەی زمانێکدا و لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەدی دەکرێت و ئەم سەردەمەش پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەیە لە ئاستە جیاجیاکانی زماندا و پەیوەست نیە بە کاتی دیاریکراوەوە. لە ڕاستیدا ئەم بنەمایە لە دیاریکردنی نەوەکانی مرۆڤیشدا پڕاوپڕ ڕاست دەردەچێت و نەوەیەك تەمەن پێکیانەوە نابەستێت، بەڵکو هاوشێوەیی و لێکچوونە کولتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەریتیەکان پێکیانەوە دەبەستێ یا لە یەکتریان هەڵدەوەشێنێ. واتە نەوەیەك ئەو گرووپە مرۆییەن کە نەسەقی کولتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و بەهاییان هاوشێوەی یەك چنراوە و کاتێ لە ڕووی کولتورییەوە بیردەکەنەوە وەك یەکن، یاخود هەر هیچ نەبێ لە یەکتری نزیکن یاخود لە ئایندا هەمان نەریت یا نەریتی هاوشێوەیان هەیە، هەروەها لە پێکهاتەکانی دیکەشدا هاوشێوەن، ئیدی ئەم گرووپە مەرج نییە هەموان تەمەنێکی دیاریکراویان هەبێت، دەکرێ(20) ساڵانێ وەك(150)ساڵانێك بیر بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە هەردووکیان سەر بە نەوەیەکن و یەك نەسەقی بیرکردنەوەیان هەیە، تەنانەت دەکرێ ئەم نەسەقە چەندین جۆری تەمەن تێپەڕێنێ و کوڕ و کوڕەزا و باپیرەکانیش بگرێتەوە، گۆڕینی یاخود گۆڕانی نەسەقی بیرکردنەوە لە بوارە جیاجیاکاندا وابەستەی تەمەن نییە و ئەمەش دەبێتە مایەی دەستنیشانکردنی نەوەکان هەروەك چۆن لە ڕوویەکەوە تەمەن نابێتە پێوەر بۆ مەرزی نەوەکان و دەکرێ نەوەیەك چەندین تایپی تەمەن لەخۆ بگرێت، لە ڕوویەکی دیکەوە دەکرێت یەك تایپی تەمەن چەند نەوەیەك لەخۆبگرێت واتە دەکرێ من و باوکم تەنانەت من و برا گەورەکەم سەر بە دوو نەوەی جیاواز بین و نەسەقی بیرکردنەوەی هەر یەکێکمان بە جۆرێك هەڵکەوتبێ، هەر بەمەش لە تایپێکی تەمەنیدا چەند سەردەمێکی نەوەی جیاواز بەدی دەکرێت. وەك گوتم گۆڕانەکان نەوەکان دیاری دەکەن و ئەندامەکانی نەوەیەك لە پێکهاتە نەریتی و کولتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیدا لە لایەکەوە لەگەڵ یەکتریدا هاوشێوەن یاخود لە یەکتری نزیکن، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ نەوەیەکی دیکەدا دژ و جیاوازن یاخود بەلانی کەمی لە یەکتری دوورن و پێك ناگەن.

لەنێوان دوو سەردەمی جیاوازی زمانیدا لێکگەیشتن یا هەر ڕوونادات، یاخود بە شێوەیەکی سەخت دەکرێ لە یەکتری تێبگەین. هەندێ وای بۆ دەچن ئەمە یەکێ لە هۆکارەکانی دروستبوونی زاری کۆمەڵایەتی بێت، واتە دوو کەس سەر بە دوو نەوەی جیاواز، لەکاتی قسەکردندا لە یەکتر تێناگەن، با ئەو کەسەش سەر بە یەك زمان بن، بۆ نموونە کورد یا ئینگلیز بن. ئێمە ئێستا لە کوردی(2000)ساڵ پێش ئێستا تێناگەین، لە کاتێکدا هەردووکمان کوردین و بە زمانی کوردی قسە دەکەین، بەڵام دوو سەردەمی جیاوازی زمانی کوردین. لە نێوان نەوە جیاوازەکانیشدا لێکگەیشتن و لێکدی نزیکبوونەوە ئەستەمە و بەردەوام دووچاری پێکدادان دەبن. ئێمە کە سەر بە دوو نەوەی جیاواز بین مەحاڵە لە ڕووی ئاینیەوە بە دروستی لە یەکتری تێبگەین، مەحاڵە سیاسەتمان

هاوشێوەی یەکتری و لە هەمان نەریتدا جوانی و ناشیرینی بە شتەکانی دەوروبەرمان بدەین و هەمان ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاینیشمان هەبێت، دەکرێ ئەوەی نەوەی نوێ(یا کۆن)بە ئەخلاقی تێدەگات، لای نەوەی کۆن(یا نوێ) بە بێ ئەخلاقی پێناسە کرابێت(یا بکرێت)، دەکرێ ئەوەی دوێنێ دین بووە ئەمرۆ کوفر بێت و ئەوەی دوێنێ جوان بووە، ئەمرۆ ناشیرین و رەشەکانی دوێنێ ئەمرۆ سپی بن و بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە جاران لە کوردستاندا پیاوی سەرڕووت(بە تایبەتی پاش ژن هێنانی) نەبووە و گەر کەسێ کڵاو و جامانە یا مشکی یا هەر شتێکی لەسەر نەپێچایە، بە لادەر یا گێل یا هەر شتێکی تر دەدرایە قەڵەم، بەڵام ئەو عەیبەیەی دوێنێ ئەمرۆ مۆدێلە و بە پێچەوانەشەوە مۆدێلەکەی دوێنێ ئەمرۆ عەیبە و گەنجە–ژندارەکان– گەر کڵاو و جامانە لەسەر بکەن دەبنە جێگەی گاڵتەپێکردنی هاونەوەکانی خۆیان(تەنیا مەبەستم لەم نمونەیە جیاکردنەوەی بیرکردنەوەی نەوە جیاوازەکانە لە یەکتری و هیچی دیکە)لە زماندا هەر سەردەمێ بە جۆرێ واتا بە وشەکان دەدات، دەکرێ ئەوەی لە زوودا پێی دەگوترا(سەنگ)ئەمرۆ شتێکی دیکەی پێ بگوترێ و خودی وشەکەش بۆ واتایەکی دیکە بەکاربهێنرێ، بە هەمان شێوە لەنێو نەوە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکانیشدا واتاکان لە خۆوە دروست دەکرێن و هیچ شتێ بە پیرۆزی نامێنێتەوە و لە دەورانی رۆژگاردا هەموو شتێ مایەی گۆڕانە و گرەنتی هیچ جێگیرێك لە ئارادا نیە، کە دەڵێم گرەنتی نیە، مەبەستم لە گۆڕانی حەتمی نیە بەڵکو مەبەستم لەوەیە کە دەکرێ هەموو شتێ بگۆڕێت(رەنگە نەشگۆڕێت بەڵام بە گرەنتی نەگۆڕانی لە ئارادا نیە).

بەم پێیە واتا پێدانی نەوە جیاوازەکان بۆ کلتوور، سیاسەت، ئایین، کۆمەڵ، نەریت و...هتد جیاوازە، بۆ نموونە واتای خەبات لە پێناو کورددا لای نەوەی کۆن و نوێ جیاوازە و ئەوەی دوێنێ پێیدەگوترا خەبات ئەمرۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خەبات بە راپەڕین دژی گەندەڵی دەسەڵات(بۆ نمونە) دەگوترێت. ئەوەی ئێستا باسکرا روانگەی تیۆری جیاوازی نێوان نەوەکان و پێناسە و دەرخستنی سیماکانی نەوە جیاوازەکان بوو، بێگومان لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییە ئیدی مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی نەوەیەك لەلایەن نەوەیەکی دیکەوە دێتە ئاراوە و هەر بەمەش ململانێی نەوەکان دەست پێدەکات، نەوەی کۆن بەردەوام هەوڵی پاراستنی بنەما و قەناعەتەکانی خۆی و دیسپلینکردنی نەوەکانی تر دەدات بە بونیادە نەریتی و ئاینی و کولتووری و...هتدەکانی خۆی. لە بەرامبەریشدا نەوەی نوێ هەوڵی رەتکردنەوەی ئەو بونیاد و بنەما بەسەرچوانە دەدات و بە نیازی هێنانەکایەی بونیادی نوێی کولتووری و سیاسی و ...هتدی نوێ و تایبەت بە خۆیەتی. لە نێوان ئەم دوو هەوڵی پاراستن و هەوڵی گۆڕانەشدا ئیدی ململانێ دێتە کایەوە، بێگومان سەرەتای ململانێکان هێمنانە دەبێت و هەر نەوەیەك دەیەوێ لە رێی ئاشتییەوە نەوەکەی دیکە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەم هێمنیە زوو بەسەر دەچێت و دواجار توندوتیژی سەرهەڵدەدات و شەڕێکی رانەگەیەنراو لەلایەن هەردوولاوە دەستپێدەکرێت، لەم شەڕەدا نەوەی کۆن زووتر بەخۆی دەکەوێت و زووتر تانە و تۆمەتەکانی ئاراستەی نەوەی نوێ دەکات، بەڵام دواجار نەوەی نوێش راپێچی ئەم شەڕە دەکرێت و ناچار دەکرێت شەڕ لەگەڵ باوك و دەسەڵاتە باوکسالارییەکاندا بکات وبە ئاشکرا باسی کوشتنی باوکەکانی نەریت و باوکەکانی دەسەڵات و باوکەکانی کولتور و ...هتد دەکات و هەر بە ئاشکراش هەوڵی کوشتنیان دەدات.

***–مامۆستای زانکۆ**